# ڕاگەیاندنێك سەبارت بە بەرگریكاران لە مافی مرۆڤ

ڕاگەیاندنێك سەبارەت بە ئەركی تاكەكان , گروپەكان , دەزگاكانی كۆمەڵگا بۆ مەبەستی باڵاكردن و بەرگری كردن لە مافەكانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەكان كە لە جیهاندا ناسراوە.

بە كۆدەنگی لە لایەن كۆمەڵگای گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان خرایە ئەستۆ.

بەرواری گرتنە ئەستۆی ڕاگەیاندنەكە.

09.12.1998

## چۆن تۆ دەتوانێت هاریكاری بەرگریكارانی مافی مرۆڤ بكەیت؟

- بڵاوكردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕاگەیاندنی بەرگریكاران لە مافی مرۆڤ
- بەشداری كردن لە ناساندنی كاری بەرگریكاران لە مافی مرۆڤ
- هاوكاری كردنی ئەو ڕێكخراوانەی كە یارمەتی و بەرگری لە بەرگریكاران لە مافی مرۆڤ دەكەن
- كاركردن بۆ پشتگیری بەرگریكاران لە كاتی مەترسیدا

ببە بە بەرگریكار لە مافی مرۆڤ , هەموو كەسێك ئەو مافەی هە یە , و ئەركی ئەوەی هەیە كە

- ئاستی مافی مرۆڤ بەرز بكات و هەروەها بەرگریشی لێ بكات

## بەرگریكاران كێن ؟

هەمیشە ئەو ژن وپیاوانەن كە بۆ ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ كاردەكەن , بۆ نمونە كاردەكەن بۆ ئازادی دەربرین , مافی ژنان , هاوڵاتی كۆمەڵگا , ئەو كەسانەی كە پەیوەندی جەستەیی نێر بۆ نێریان هەیە , ئەو ژنانەی كە پەیوەندی جەستەیی مێ بۆ مێیان هەیە, گۆرینی ڕەگەزی و هەر وەها تێكەڵاوی ڕەگەزی لە مرۆڤێكدا . دەتوانن بەشێوەیەكی تاك یان بەرێكخراوەیی كاربكەن .

## بارودۆخی ڕاگەیاندنەكە چییە؟

ڕاگەیاندنەكە پشت دەبەستێت و بەهێز دەبێت و هەر وەها ڕەنگدانەوەیە بۆ كۆبونەوەی یاسا نێودەوڵتیەكان سەبارەت بە باڵاكردن و پاراستن و بەرگری كردن لە مافی مرۆڤ .

## ماف و بەرگری دابینكراوەكان بۆ بەرگریكاران لە مافی مرۆڤ

- بۆ باڵاكردنی مافی مرۆڤ لە وڵاتەكانیان و هەروەها لە جیهاندا
- بەرگریكردن لە مافی مرۆڤ بە تەنها یان لەگەڵ بابەتی تردا
- بۆ دروستكردنی كۆمەڵە ڕێكخراوە ناحكومیەكان
- بۆ كۆبوونەوە و پێكەوەبوون بە شێوەیێكی ئاشتیانە
- بۆ مەبەستی داواكردن و بەدەست هێنان و وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە مافی مرۆڤ
- بۆ گەشەپێدان و گفتوگۆكردن لەسەر بیرۆكە و بنەما نوێیەكانی مافی مرۆڤ و هەروەها داكۆكی كردن لەسەر بۆچونەكانیان
- ڕەخنەگرتن و پێشكەش كردنی پرۆپۆزاڵ و پێشنیار بۆ دەسەڵاتداران بۆ مەبەستی بە باشتر كردنی كاركردنیان و هەروەها ئاگاداركردنەوەیان لە بوونی هەر مەترسیەك لە بە پەیرەو كردنی مافی مرۆڤ
- بەرزكردنی سكاڵا لەسەر سیاسەت وكارە فەرمیەكان بە پشت بەستن بە مافەكانی مرۆڤ و بەدواداچون بە دوای سكاڵاكاندا
- پێشكەش كردن و دابینكردنی هاریكاری یاسایی و پرۆفشیۆناڵی و كارامەیی یان هەر ڕێنمایی و هاوكاریێكی تر بۆ مەبەستی بەرگریكردن لە مافی مرۆڤ
- بۆ بەشداریكردن لە كۆرە كۆمەڵایەتیەكان و بەدواداچوون ە و دادگایەكان بۆ هەڵسەنگاندنی سكاڵا پێشكەش كراوەكان بەپێی یاسا ناوخۆییەكان و بنەما نێودەوڵتیەكانی مافی مرۆڤ
- پەیوەندیكردن بە بێ هیچ ڕێگرێیك لەگەڵ ڕێكخراوە ناحكومیەكان و ڕێكخراوە حكومیەكان
- بۆ سودوەرگرتن لە چارەسەری كاریگەر
- بۆ ڕاهێنانی یاسایی بۆ كار و پیشەی بەركریكار لە مافی مرۆڤ
- دابینكردنی پاراستنی كاریگەر بەپێی یاسا ناوخۆییەكە لە كاتی ئەنجامدانی چالاكی هێمنانە دژ بە پێشێلكارییەكانی مافی مرۆڤ
- داواكردن و وەرگرتن و سودوەرگرتن لەسەرچاوەكاندا بۆ مەبەستی پارێزگاریكردن لە مافی مرۆڤ

بڕگەكانی 1 , 5 , 6 , 7 , 8 , 9 , 11 , 12 و 13

## ئەركەكانی وڵاتەكان

- بۆ پارێزگاریكردن , باڵاكردن و جێبەجێكردنی هەموو مافەكانی مرۆڤ
- دەستەبەركردنی ئەوەی كە هەموو كەسێك بتوانێت لە ژێر سایەی دەسەڵاتی یاساوە خۆشی لە مافەكانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەكان ببینێت
- گرتنە بەری هەموو هەنگاوەكانی دادوەری و كارگێری و هەر هەنگاوی تر بۆ مەبەستی دابینكردن و جێبەجێكردنێكی كاریگەر بۆ مافەكان و ئازادیەكان
- دابینكردنی چارەسەرێكی كاریگەر بۆ ئەو كەسانەی كە ئاماژەبەوە دەكەن كە ئەوان بونەتە قوربانی پێشێلكاریەكانی مافی مرۆڤ
- ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی خێرا و دادپەروەرانە بۆ ئاماژەكانی پێشێلكاری مافی مرۆڤ
- گرتنەبەری پێوەرە پێویستەكان بۆ دابینكردنی بەرگری بۆ هەموو كەسێك دژ بە هەر توندوتیژیەك و ترساندنێك و تۆڵە سەندنەوەیەك و جیاوازی نەگەتیڤی و گوشار خستنە سەر یان هەر كارێكی نەشیاو كە كار دەكاتە سەر كارەكانی مافی مرۆڤ
- باڵاكردنی تێگەیشتنی گشتی كۆمەڵگاكە سەبارەت بە مافی مەدەنی و ڕامیاری و ئابوری و كۆمەڵایەتی وكەلتوری
- دەستەبەركردن و هاوكاریكردنی دروستكردنی و گەشە پێدانی دەزگا ناوخۆییە سەربەخۆكانی مافی مرۆڤ
- باڵاكردن و ئاسانكرنی وتنی وانەی مافەی مرۆڤ بۆ هەموو ئاستەكانی پەروەردەی گشتی و ڕاهێنانی پرۆفێشناڵی

بڕگەكانی 2 , 9 , 12 , 14 و15

## بەرپرسیارێتی هەموو كەسێك

- بۆ باڵاكردنی مافی مرۆڤ ,بۆ پاراستنی دیموكراسی و پاراستنی دەزگاكانی و پێشێلنەكردنی مافی مرۆڤی كەسانی تر
- ئەو كەسانەی كە پیشەكانیان كاریگەری هەیە لەسەر مافی مرۆڤی كەسانی تر , بەتایبەتی ئەفسەری پۆلیس و پارێزەر و دادوەر ..هتد , بەر پرسیارن لە پاراستنی مافی خەڵكی

بڕگەكانی 10 , 11 و 18

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بكە بە : www.protecting-defenders.org

Design by Oh ! Ilaliss